# ئاسایشی سلێمانی نایەڵێت کوردانی باکووری کوردستان ئەوانەی لە کەمپی مەخمور دەژین، بچن بۆ ناو شاری سلێمانی وهەرێمی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی



**حاجی ئەنوەر**

**08.07.2005**

دەبوایە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە سەردانێکی پەرپرسانی ئاشایسی ببورن ئاسایشی سلیمانیشتان بکردایە تا بمانزانیایە بۆچی ڕێگا لەو خەڵکە هەژارو ئاوارەو کەمدەرامەت و قوربانی کورد بونیان دەگیررێت ؟ بەداخەوە پێدەچێت پەلەتان کردبێت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە !!!!. ئاژانسی میزوبوتامیا لەزار خەڵکی کەمپەکە و تی کەوا ئەم کردەوەیەی ئاسایشی سلێمانی تەواکەری سیاسیەتی تورکیایە و وەک ئابلۆقەیەک بەسەر کوردانی باکووری کوردستانیان دانا و ئەو کردەوەیەی ئاسایش و ئیدارەی سلێمانیان شەرمەزار کرد .

ئەو ئاخافتنەش کەلەسەر زاری خەلکی کمپەکەوە هاتوە ئەگەرچی ئەوان کەسوکاری خۆمانن مەرج نیە وابێت ، بەقەولی ئەو هەوالگرەی ( سیخوڕ ) کە جارجارە بەڕێکەوت دەیبینم و گەندەشە (مناقشە) دەکاتەوە تا جۆڕکەکەی و بەشێک لە ئاخوڕەکەشی پڕدەکات لە ئاخافتنەکانم بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە شوێنی خۆیی ولەو ڕێگایەوە دڵسۆزی خۆیی نیشان بدات ، لە کۆتایدا دەلێت ئەوە نەزەریەی موئامەرەیە . مەبەستی ئەو سیخوڕە لەوەوەیە کە ئێمەی چەپ هەموو تاوانەکان و کێشەکان دەخەینە پاڵ سەرمایەداری بەتایبەتی ئەمریکا . کەسوکارەکانیشمان بەبێ ئەوەی هۆکاری ڕێگاگرتنیان لە چونە ناو شاری هەڵمەت و قوربانیەوە ، شاری شێخی گەورەو شاری قوربانی دان و شەهیدانەوە ، بزانن ، یەکسەربە تەواکەری سیاسیەتی تورکیایە و وەک ئابلۆقەیەک بەسەر کوردانی باکووری کوردستانیان دانا . باشوری کوردستان و بەتایبەتی سلیمانی لە دڵ ودەرونی میللەتی کوردا جێگەو ڕێگەیەکی تایبەتی هەیە کە میللەتی کورد شانازی پێوە دەکەن . جارێکیان لەتاو دووری ڕێگاو و گەرما و تینوێتی دەبەیەک ئاوی بەستوم لەگەڵ خۆم هێنا کاتێک گەیشتمە شاری سنە و چەند دۆستێکم لە تەرمیناڵ چاوەڕێیان دەکردم دەبەئاوەکە هێشتا بەقەدەر هێلکەیەک سەهۆلی تیا مابوو ، بە دۆستەکانم ووت ئەم دەبەیەم لە سلیمانیەوە هێناوە ، کاتێک لە ئاوەکەیان خواردەوە زۆر بەدڵنیایەوە سوێندیان دەخوارد ، هەتا ئاوەکەشی جیاوازو بەتام ترە لە ئاوی شارەکانی تری کوردستان . زۆربەی هەرەزۆری مرۆڤی کورد ئاواتیانە سەردانی شارەکوردیەکان بکەن ، بە جێ نزگەی باوباپیرانی خۆیانیان دەزانن بەتایبەتی باشورو لەباشوریش ، سلیمانی کەوا چەند ساڵێکە ئازادکراوە لە ژێردەستەیی داگیرکاران .لەئێستاشدا سلیمانی بوەتە مەڵبەندێکی بازرگانی و کارکردن کە ژمارەیەکی زۆر کرێکاری ڕوویان تێکردوە بۆ کارکردن ، کرێکارانی کەمپی مەخموریش مافی خۆیانە لە هەرشوێنێک کاریان وەچنگ بکەوێت ڕووی تێبکەن تا پاروەنانی ماڵ ومنداڵیان مسۆگەر بکەن ، ئەمە جگەلەوەی کە ئارەزویانە جێ نزرگەی باب و باپیریان بەسەر بکەنەوە

ئاسایشی سلیمانی بۆ ڕێگایان پێنادات ؟

ئاسایش وەک دەسگایەکی جێبەجێکەری فەرمانەکانی حکومەت و حکومەتیش وەک دەستەڵاتی حیزب و حیزبیش وەک دەسگایەکی پارێزەری بەرژەوەندیەکانی بنەماڵە لە ناوەو دەرەوەی ووڵات ، فەرمانیان بە ئاسایش داوە کە بۆ کوردەکانی باکوری کوردستان نیە بێنە شاری سلیمانیەوە ، هەربۆیە لە خاڵی پشکنینی هاتنە ژوورەوەوە دەیانگێڕنەوە ، ئەگەر پرسیارتان لە بەرپرسێکی زل بکردایە لەوانەیە لە وەڵامدا بیوتایە:

1 – لەبەر ئەوەی ئەو براو خوشکە بەڕێزانە میوانن لای ئێمە ، خۆشتان دەزانن ئێمە بەدرێژایی ژیانمان خەباتمان بۆ گەلی کورد کردوەو ژیانی خۆمانمان تەرخانکردوە بۆ خزمەت کردنی گەلی کورد ، ویژدانی شۆڕشگێڕیمان ڕێگامان پێنادات بیان بینین لەبەرقرچەی گەرمادا کاری کرێکاری بکەن و خەڵکی شاریش لەماڵەوە لەبەر کۆندێشن و سپلیت لە پرخەی خەودابن .

2 – ئەگەر نیازیشت ئەوەبێت بڵێت ئەی بۆچی ڕێگا بە براعەرەبە چاو ڕەشەکان دەدەن لە میسرەوە هەتا بەغاو بەسرە هاتوون لێرەکار دەکەن ؟ . ئەوان فێری گەرمایی هاوین بوون و لەناوچەی گەرمەوە هاتوون و بەرگەی ئەو گەرما تاقەت پڕوکێنەی ئێرە دەگرن ، بە پێچەوانەی کوردەکانی تورکیاوە کە خۆتان دەزانن وولاتی تورکیا وولاتێکی سارد و کوێستانە وخەڵکەکەی ڕانەهاتوە لەگەڵ ئەم گەرمایەدا ، هەربۆیە ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە وەک خەڵکی فەرەنسایان بەسەر بێت کە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا ژمارەیەکی زۆریان شەهید بوون لەتاو گەرما .3 – ئێمە چاکەو پیاوەتی ئەوانمان لە یادە کاتێک کە گەلی کوردی قارەمان لەسەر داوایی سەرکردایەتی سیاسی نەتەوەکەمان ڕەوی ملیونیان کرد و ئەو کوردانەی تورکیاش کۆمەکیان کردین .

4 – لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و سیکولاری وەک ئەمەی ئێمەدا دەبێت هەموو تاکێک بەهرەمەند بێت لە مافە مرۆییە سروشتیەکانی خۆی ، بەڕێزتان دەزانن ئێمە ساڵانێک لە ئەوروپا ژیاوین و مافی پەنابەریمان هەبووە ، تێدەگەین پەنابەری و ئاوارەیی ، هەربۆیە بەرنامەیەکی چڕوپڕمان ئامادەکردوە کە پەرلەمان تاوتوێی بکات و بیکاتە یاسایەک ، هەر لەئێستاشەوە فەرمانمان بە حکومەتەکەمان داوە جێبەجێی بکەن .

5 – لە ڕێگایی ئێوەی بەڕێزیشەوە مژدەی بەو کوردانەی تورکیا ئەدەم کە بودجەی ئەم ساڵمان خراپ نیە کە ملیارێک و سەدو چل و یەک ملوێنە 1141000000000000000000کە 18 سفری لەدواوەیە ، ئەگەر بەهەلەدا نەچوبم چونکە خۆت دەزانیت من بەرپرسی مالیە نیم و حەزیشم لە قسەوباس لەسەر پارەنیە لە حسابی پارەدا هیچ نازانم و ناشمدەوێت فێربیم، هەموو موڵک و ماڵی دنیاش ناگۆڕمەوە بەو پاتەلاستیکانەی ڕۆژانی خەبات و تێکۆشانی شاخەکان . مژدەکەش ئەوەیە کە بڕیاری مەکتەبی سیاسی بەڕێزە کە هەموو پەنابەرە کوردەکانی تورکیا بەهرەمەند بن لە مافی پەنابەری و سود وەرگرن لە و وەقتەو حستراحەت بکەن ، ئێمەش هەوڵئەدەین لە ڕێگایی پەیوەندیەکانمانەوە عەفویەکی عامیان لەلایەن حکومەتەکەیانەوە بۆ وەرگرین .

6 – سوپاس بۆ ئێوەش کە ئەرکتان کێشا .